لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا زیاتر لە ٢ هەزار زیندانی ئازادکراون



وەزارەتی دادی عێراق دووت، ئەو زیندانیانەی لە دەستەی چاکسازیی عێراقی لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا ئازادکراون ژمارەیان زیاتر لە ٢ هەزار زیندانییە.

ئەمە دووشەممە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، وەزارەتی دادی عێراق لە ڕێگەیەندراوەکدا ژمارەی ئەو زیندانیانەی باوکردووە کە لە دەستەی چاکسازیی عێراقی لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا ئازادکراون.

ئاماژەی بۆشکرد، ٢ هەزار و ٢١٣ زیندانی بە پێی یاسایی لێبوردنی گشتی ئازاد کراون و بە بڕیارێکی ئیختیاری، یان بەهۆی تەواوبوونی سزاکانیان ٣٩١ زیندانیان بە مەرج ئازاد کراون.

باسی لێوشکرد، خزمەتگوزارییەکە بردەوام چاودێری میکانیزمی ئازادکردن دەکات دوای تەواوکردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان، دڵنیابوون لەوەی کە کارەکانی بە باشترین شێوە ئەنجامدەدات.